# ئایدیای سۆفییزم وئیستاتیكای دەق

# مەولەوی ( ١٨٠٢ – ١٨٨٦ ) وەكو نمونە

د .سعيد محمد عبدالله

كۆلێجی زانستە ئەندازیارییە كشتوكاڵییەكان/ زانكۆی سلێمانی

**الملخص**

**يعد التصوف من المسائل الجديرة بالدراسة للكشف عن قوانين الخطاب الادبي وجمالياته، مما يمكن من فك شفرات الكثير من النصوص الادبية واستنباط عناصر خطابها.**

**لاريب أن للتصوف رواد واعلام يعد الشاعر الكوردي الصوفي مـولـوي ابرزهم حيث تميز بعمق تصوراته الفلسفية وجمالية نصوصه الشعرية. فمولوي مدرسة خاصة في مضمار ادب التصوف في التراث الكوردي، فهو فذ باسلوبه اللغوي في قصائده التي تعكس واقعه الاجتماعي فضلا عن عمق نظرته الى الدين والوجود.**

**تعامل مولوي مع اللغة كوحدة مكونة من الذات والمضمون حيث الذات عنده هو سمو الانسان وامتثاله لاوامر الله ورسوله، وأما المضمون فهو البنية الخطابية للغة من حيث التعامل مع المفردات وتسخيرها لخطابها الادبي والفكري موجها المتلقي لاستلهام المباديء التي بني عليها التصوف.**

**إن النص عند هذا الشاعر الهمام وحدة جمالية متكاملة ذات سياقات ادبية وفلسفية تبحث في فكرة أصل الكون والوجود وجمال ما أبدعه الخالق عزوجل وذلك من خلال نصوص مبهرة بجمالها وروعة سبكها ونظمها.**

**پوختە**

سۆفیزم وەك ڕەوتێكی ئایینی سەرەتا لە رۆژهەڵاتی ئیسلامیدا سەریهەڵدا" لەڕووی فیكرو داهێنانی ئەدەبیەوە، سۆفیزم بەئەزمونێكی ڕەسەنی شیعری دادەنرێت، بەومانایەی كە جۆرێكە لە گوتاری رەخنەیی و رۆچوون بۆ نێو جیهانی شیعر و كردنەوەی دەرگای پرسیاركردن لە لایەن رۆحییەكان، هەروەها جۆرێك لە شیعرییەتی دەق لە چوارچێوەی بابەتی ئاییندا بەرجەستە دەكات. لە ڕەخنەی ئەدەبی نوێدا چەمكی سۆفیزم بەئەزموونێكی زاتی و داهێنانێكی زمانی دادەنرێت، كە سنوورەكانی زمانە تەقلیدیەكەی شیعر دەبەزێنێت و دیدێكی رۆحیانە بە شیعر دەبەخشێت، وێڕای ئەوەش ئەزموونێكە لە میانەی ئاستە جیاجیاكانی زماندا، گۆڕانكارییەك لە بۆچوونە نەگۆڕەكانی بیركردنەوەی تەقلیدییەتی شیعردا دەكات، توێژینەوە لە دەقی شیعری سۆفیزمیدا تێبینی ئەوە دەكرێت، كە زاراوەی شیعرییەت پشت بە دیدگای دیاریكراو نابەستێت بەڵكو ئەو رێسایانەش دەخاتە ڕوو كە لەمیانەی ماناو زاراوەی شیعرییەت دەستنیشان كراوە. بۆیە مەولەوی یەكێكە لەو شاعیرانەی كە لەبواری سۆفیزمدا بەئاگابووە، ئەمەش سەرچاوەیەكی تر بووە بۆ زیاتر قوڵبوونەوەی لەو رێبازەدا، بەجۆرێكی تر دەتوانین بڵێین شێوەی داڕشتن و دەربڕینی واتایی لای مەولەوی دووگیانی جیاوازی بەبەرداكراوە، ماتریال و ئایدیا، هەر بۆیە كەسانی خواپەرست و نزیك لە ئاین و رێبازی سۆفیگەری، دیویی ئایدیا تێدەگات و بەلای خۆیدا دەیشكێنێتەوە، هەروەها كەسانی دنیایی و بێ ئاگا لە جیهانی ئایدیا، دیوی ماتریالەكەی بەدی دەكات و چێژە تایبەتییەكەی خۆی لێ دەبینێت.

## پێشەكی

سۆفییزم، وەكو زانستێك و ئایدیایەكی عەقیدەیی، بریتییە لە (زەوق) و (ئیشراق)، واتا چەشتن و هەڵهاتن و تابشی نوری خوا لە نێو دڵی سۆفیدا، ئەگەر لەمیانەی ئاوەزو (عقل) و سەلماندنی (برهان) زانیارییەوە، باسی سۆفییزم بكرێت، ئەو كاتە دەبێت بە كارێكی زانستیی پەتی، بەڵام ئەگەر لەمیانەی مەعریفەی ئایینی و پەیامی پێغەمبەرانەوە بگەینە ڕاستییەك، ئەو كاتە ئەبێت هیچ بەهایەك بۆ زانستە پەتییە – ئەزمونگەرییەكان دانەنێین، چونكە زانستی پەتی لەڕوانگەی ماددەو بەرجەستەوە دەڕوانێتە هەبوون، بەوەی كە ئاوەزو زانستی بەرجەستەیی ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەزمونی ماددی بترازێت، هەروەها هەرچی بۆچوونێك لە ڕواڵەتی ماددەو تاقیكردنەوە دەرچوو، لە وزەی زانیاری و ئاوەز بەدەرە .

سۆفییزم ئەزموونێكی ڕۆحییە، واتا ڕەوانی هەیە، هیچ پێوەندییەكیشی بە ماددەوە نییە، بەڵام زانستی پەتی لە ماددەو دەرەنجامی كاری بەرجەستەیی پێنج كۆئەندامی هەستیی مرۆڤ ئەكۆڵێتەوە، بەڵام چوارچێوەی سۆفییزم، لە گەردوون و زەوق و ڕۆح و هەستی دەروونیی هەڵهاتن "ئیشراقی" نوری خواییدایە، تا سۆفی ڕێبازی سۆفییزم تاقی نەكاتەوە هەستی پێ ناكات، هەست بەو چەشتنە ناكات، كەواتە سۆفییزم ئەزموونێكی ڕەوانی دەروونیی - ویژدانییە، نەك بیردۆزێكی زانستی.

لەم توێژینەوەیەدا، كە بۆ باسكردنی سۆفییزم ئامادەكراوە، ئایدیای شیعریی مەولەوی ئەخاتەڕوو، شیعرەكانی مەولەوی پێوەندییەكی ئایدیۆلۆژی و عەقیدەیی بە ڕێبازی سۆفیگەرییەوە هەیە، مەولەوی باوەڕێكی پتەوی بە ئایدیای ئایینی هەبوو، بەڵام دەیویست بزانێت كە سۆفییزم چ خزمەتێك بە بیروباوەڕەكەی دەكات و چۆنیش دەگاتە پایەی یەقین، واتە (عین الیقین) و (حق الیقین)، بە ڕادەیەك سۆفییزم وەكو باوەڕو ڕێباز لە نێو شیعرەكانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

**-هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە:**

سۆفییزم، بابەتێكە بە شێوەیەكی گشتی پێوەندیی بە قۆناغەكانی ڕەوتی مێژووی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتییەوە هەیە، بە تایبەتی بە ئەدەبی كوردییەوە، مێژووی شیعری كوردیش لە قۆناغە جیاجیاكانیدا، لە سەردەمی كلاسیزمی باباتاهیرەوە تا كۆتاییەكانی سەدەی نۆزدەهەم، تا ڕادەیەك لەلای هەندێك شاعیران سیمایەكی ئایینی پێوە دیارە، بەڵام هێشتا بابەت و توێژینەوەی ئەكادیمیی زۆری لەسەر نەكراوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات، لایەنێك لە لایەنەكانی ئایدیای سۆفییزم بخاتەڕوو، لەمیانەی شیعرەكانی مەولەوییەوە، وەكو قۆناغێكی مێژوویی لە ئەدەبیاتی كلاسیكیی كوردیدا.

**ـ گرنگیی بابەتەكە:**

گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە، كە تیشك دەخاتە سەر لایەنێكی گرنگ لە ئایدیای سۆفییزمی لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا، بە تایبەتی لەلای (مەولەوی)، مەولەوی چ لە شیعرەكانی، یان لە بەرهەمەكانی دی، خواپەرستی و سۆفیگەریی وەكو بنەمایەكی سەرەكیی دەق داناوە، لەڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆكی شیعریشەوە، شیعرەكانی مەولەوی بە قۆناغێكی تر لە كلاسیزمیی كوردی دادەنرێت، هەرچەندە شیعرەكانی مەولەوی لەڕووی ناوەڕۆكەوە، بە لاساییكردنەوەو بەردەوامیی نالی دەناسرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، لەڕووی ڕوخسارەوە بە قۆناغی ڕەسەنایەتیی بەكارهێنانی كێشی خۆماڵی دەژمێردرێت، هەرچەند شیعرنووسین بە دیالێكتی گۆران، لە بنەڕەتدا پشتی بە بەكارهێنانی كێشی فۆلكلۆری و خۆماڵی بەستووە.

**ـ مێتۆدی نووسینی،توێژینەوەكە:**

لە نووسینەوەی توێژینەوەكەدا، ڕێبازی ( وەسفی – شیكاری ) بەكارهاتووە.

**ـ ڕیزبەندیی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوە پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی (سۆفییزم لەنێوان ئایدیاو ئێستاتیکای دەقدا)، باس لە چەمك و زاراوەی سۆفییزم دەکات و پێوەندیی دیالیکتیکی لەنێوان دەق و ئایدیای شاعیر دەخاتە ڕوو، بەشی دووەم ناونیشانی (خوێندنەوەیەك بۆ ئامادەیی عەشق لای مەولەوی)، تێدایە لایەنی پراکتیکیی بابەتەکە بەرجەستەکراوە لەڕووی تەوزیف کردنی ئایدیای سۆفییزمی لە شیعرەکانی مەولەویدا لەبەشی سێیەمدا ئامانجی سەرەکی شیعرییەت وگوتاری شیعری بەمەبەستی دیاریکردنی پێگەی شیعرییەت لەناو هونەرەکانی گوتاردا، هەروەها ئەو میتۆدەی کە پێوەندی بەبابەتی شیعریەوە هەیە، هەوڵدەدات یاساکانی داهێنان ئاشکرا بکات لە بنیاتی گوتاری ئەدەبیدا، دەق بابەتی شیعرییەتێکی پراکتییە، بەڵام بەتەنیا ڕەگەزێکی دەقێك بابەتی شیعرییەت نیە، بەڵکو کۆی ڕەگەزەکانە، کۆمەڵێك تایبەتمەندی گشتی وباڵای هەیە، هەردەقێك بەپێی سنورێکی بۆ کێشراو پێگیری پێوە دەکات.

## بەشی یەکەم

## سۆفییزم لەنێوان ئایدیاو ئێستاتیکای دەقدا

ئەگەر سنووری پێوەندیی نێوان ئایین و ئەدەب تەنیا بۆ دەربرینی مەبەست، یان بۆ (چێژی ئێستاتیکی)، یان بۆ هەر مەبەستێکی تری دەرەوەی بازنەی ڕۆحی بێت. ئەو کاتە ئەو دەقە هیچ کاریگەرییەکی بەسەر هەستی مرۆڤی خاوەن بیروباوەڕەوە نابێت. چونکە دەقی ئایینی جیا لە هەر دەقێکی تر، کاریگەریی بەسەر بوونی ئاکاری و ئایین و کەسایەتیی مرۆڤەوە هەیە. لەکاتێکدا کە ڕۆڵی شاعیریشی تێدا دەردەکەوێت وەکو تاکێك لە چوارچێوەی مەبەستی شیعریدا، بۆیە ((ئەرکی ئەدیب پێش ئەوەی خواستێکی بنەڕەتی بێت. دەبێت لە هەست و شعوری نووسەرەوە هەڵبقوڵێت و ببێتە عەقیدەو لە پرۆگرامێکی دیاریکراودا لە نووسینەکانیدا ڕەنگبداتەوە. دەبێت نووسینەکەی بە باوەڕەوە بێت، پێش ئەوەی وەڵامدانەوەی خواستی خوێنەر بێت)) (العویشق، ١٩٧٦: ٣٥).

ئەرکی شیعریش ئەرکێکی بنەڕەتییە لە دەقدا، کە پێوەستە بە گیانی مرۆڤەوە و ((لەمیانەی چەشەو ئازارەوە لە سەرجەم بوونەوەرانی تری جیا دەکاتەوە، خۆشی و تاموچێژی تایبەتی بە ڕۆحی مرۆڤ دەبەخشێ و هانی دەدات کۆڵەکەی بەرهەمێکی ویژدانی بنیات بنێت ))(کرومبی،٢٠٠٢: ٧٠)). هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە، داوا لە دەقنووس دەکات بەرهەمێکی ئێستاتیکی لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە بە خوێنەر بگەیەنێت، یا ئایدیۆلۆژیای شاعیریش وەکو بیرکردنەوەی خوێنەر نەبێت،(( لەلایەکی ترەوە ئەرستۆ داوای پیادەکردنی ئێستاتیکای فۆرمی لە شاعیر دەکرد. لەتیۆری تەعبیریدا، ڕەخنەگران بڕوایان بە خودی تاکە کەسی هەیە لە نووسینداو داوای سەربەستیی تاکەکەسی و کەسایەتیی نووسەر دەکەن، باوەڕهێنان بە تاك و تاکی بەهرەمەندی داهێنەری، توانستی داهێنانی هەر بابەتێك لە دەروونی شاعیردا، دەبێت بە بەشێك لە ئایدیۆلۆژیا)) (کرومبی،٢٠٠٢: ٧٠)

دەسەڵاتی شاعیر لەنێو دەقی سۆفییزمدا، سەپاندنی چەمکی ئاینییە، یان بە تەنیا ئایدیای تاکە کەسییە لە چوارچێوەی بازنە ئاینییەکەدا دەمێنێتەوە، بەڵام ڕەنگە هەر شاعیرێك مۆرکێکی تایبەتی نەبێت و نەتوانێت ئایدیایەکمان پێبناسێنێ، ئەگەر ڕاستگۆ نەبێت، (( بەڵام چی ڕاستگۆییەك؟ ئێمە ڕاستگۆیی واقیعیمان ناوێت. چونکە ئەوە سەر بە لایەنی ئاکارییە. بەڵکو مەبەستمان ڕاستگۆیی هەستکردنە بە ژیان و ڕاستگۆیی کاریگەربوونە بە هەست. واتا ڕاستگۆیی هونەری )) ( سید قطب،١٩٦٣: ٣٠))، کەواتە میکانیزمی بەرهەمهێنانی دەق بەرپرسیارە لەوەی، کە بۆماوەیی بەها ئایینییەکان بکات بە مەرجەعییەتێك بۆ عەقڵییەتی مەعریفی، بەوشێوەیە یاساکانی بەرهەمهێنانی مەعریفی لە باری پەرەسەندووی ڕۆشنبیریدا، لەسەر بنەمای دەسەڵاتی دەقدا دیاری دەکرێت، ((ئەرکی ئەقڵیش لە سنووری بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی، لەسەر بنەمای چەند دەقێکی پێشووتر گەڵاڵە دەبێت ))(ابو زید، ١٩٩٥: ١٩)

دەقی سۆفییزمیی، شێوازێکی شیعرییە لەمیانەی بەرجەستەکردنی شیعرییەت، لە ڕێگای تەوزیف کردنی ئەمانەی خوارەوە:

١- مەودا زمانەوانییەکانی دەربڕین:

مەبەست لە ماناو پێکهاتەی دەقە لەڕووی زمانەوانییەوە.

٢- فەرهەنگی زمان:

فەرهەنگی وشە لە دەقی سۆفییزمدا، ئامادەییەکی تەواوی هەیە، لەمیانەی بەکارهێنانی چەندین زاراوەی سۆفییانە، کە گوزارشت لە ئایدیای شاعیری سۆفی دەکەن.

٣-تەیارکردنی گوتاری ئایینی:

دیارترین خاسیەتەکانی شیعری سۆفییزمی، تەوزیف کردنی گوتارێکی ئایینیی تێکەڵ بە شیعرییەتە، لەو ڕوانگەیەوە سەرجەم بۆچوونەکانی شاعیرە سۆفییەکان لەگەڵ قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەردا (د. خ) هاوتا دەبێتەوە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە تەنانەت شیعرە دڵدارییەکانیشیان بۆنی ئایینیان لێ دێت.

چونکە هۆش دەورێکی گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی داهێنان لەلای دەقنوس(( بە هەمان شێوە پەیامەرگر – خوێنەر، ئەندامەکانی هەستپێکردنی دەوری وەرگرتن دەبینن، کە لە میانەی کرداری ئەقڵی و دەروونیی دوابەدوای یەکدا، بازنەی دان و وەرگرتن لە نێوان نوسەر(دەق) پەیامەرگر (دەق)دا دروست دەبێت، (بەرهەمی ئەدەبی) و دەق هەر وەکو داهێنانێکی ئەدەبی ڕەفتاری لە گەڵدا دەکرێت، لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی کە بیر بنیاتی بەرهەم دروست دەکات. یان هیچ نەبێت شێوازی کارکردنەکە لە هزرو بیری تاکەکەساندا فەراهەم دەکات. ئەو پێوەندییەش دەبێتە زەمینەی ئایدیۆلۆژیو فیکری لە ناوەڕۆك و مەبەستی دەقدا))(ادراوس،١٩٧٤ : ٥٣)

سۆفییزمی ئیسلامی بەشێکە لە پەیرەوی کردنی ڕێوڕەسمی خواپەرستی لە چوارچێوەی ئایدیایەکی ئایینیدا، بەڵام زانستی شەریعەت ئەوەی کە لە مرۆڤی ئەوێت ئەوەیە، کەبەپێی دەستووری شەرع، سپاردەکانی ئایین ئەنجام ئەدات.

پەیڕەوکردنی شەریعەت، پەیڕەوکردنی زانستیی خواستەکانی ئیسلامە، بەڵام سۆفییزم زیاتر پەیڕەوێکی دەروونیی ویژدانی و ئەنجامدانی حەقیقەت و جەوهەری ئیسلامە، لەڕوویەکی ترەوە، بەپێی بۆچوونی ڕێبازی سۆفییزم، ئەوانەی بە تەنیا پەیرەوی شەرع دەکەن، ئیمانیان لاساییکردنەوەیەکی پەتییە، بەڵام سۆفییەکان ئیمان و یەقینیان (عین الیقین) ە، واتا لەنێو ویژدان و بە ئیمانێکی یەقین و کامڵترەوە پەیرەوی ئایین دەکەن، کەواتە هیچ جیاوازییەك لەنێوانیان هەردوو پەیرەوەکەدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە پەیرەوی سۆفییەکان گەرمترەو لە ناخی دەروونەوەیە.

سۆفییزم وەکو پرۆسەیەکی خواپەرستی، وا لە کەسانێك دەکات، لە ڕێگەی شێخی تەریقەت و ڕێنیشاندەرەوە پەیرەوی ئایین بکەن، دیارە ئەو کەسەی لەسۆفییزمدا بە پلەیەك گەیشتبێت، پێویستیی بە ڕابەر نابێت و خۆی ئەبێت بە ڕابەر، بەڵام مەولەوی هەر پەنا بۆ ڕابەر ئەبات، بۆنمونە وتوویەتی:

حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادەبی
وەهەرکەسی وەقەد کەفاف داوەبی
من کشتم ڕوو زەرد هام قەردانم بۆ
دا ئەم روسیای هام دەردانم بۆ
ئەرصەد کەشتەکەم ئاخر کارشەن
هەفتەکەی ئاخر تۆ وەهارشەن
ساهۆر کەربا بێ جۆجۆجۆگەی مری
وەسەر کشتمدا پەی پەی پەیاپەی
بەتکیم ئینە خوان گەشێوەکە ڕۆ

چی ئاخرەوە داناوێ وەرۆ (مودەریس، ١٩٦١: ٢٠)

ئەنجامدانی فەرمانی خواوەند بۆ موسوڵمانان، جۆرێکە لە فەرمانبەری بۆ پاداشت، یان لەترسی سزادانی قیامەتە، چونکە ناسینی خواوەند ناسینێکی عەقڵی، یان زانستی، یان بۆماوەیی ڕەمەکییە، بەڵام چونکە ناسینی سۆفی ناسینێکی یەقینییە، ئەو کاتە ئەو خواپەرستییە ئەبێتە فەرمان وەرگرتن لە خۆشەویست، کە لەپێش هەموو شتێکدا ئەو ناسینە هەر لەبەر خۆشەویستییە، پاشان لە ترسی سزادان و خۆشیی پاداشت وەرگرتنە، سۆفیش بەرگەی ئازاری خۆشەویست دەگرێت و لە نزیکەوە ئارامی بە دڵ و دەروونی دەبەخشێت.

(ابن سینا) لە کتێبی (الاشارات والتنبیهات) دا ووتوویەتی:

زاهید بەو کەسە دەوترێت، کە دەستی لە سەرمایەو سامانی دنیایی و ڕابواردن هەڵگرتبێت و پشتی لێ کردبێت.

عابید: بەو کەسە دەوترێت، کە تەمەنی خۆی تەرخان کردبێت بۆ نوێژ و هەموو جۆرە فەرمان بەردارییەکی خوا.

عاریف: بەو کەسە دەوترێت، کە بەردەوام هەست و بیری لەلای گەورەیی خوایەو خوازیارە خوا بە لوتفی خۆی دڵ و دەروونی ڕوون بکاتەوە، بە بەردەوامیش نوری خوا لەدڵ و دەروونیدا بدرەوشێتەوە.

لە هەندێك حاڵەتدا ئەکرێت، کە هەموو ئەم زاراوانە بە جارێك بۆ یەك کەس- کە خاوەنی هەموو ئەم سیفاتانە بێت- بە کار بەکاربهێنرێت، واتا دەشێت کەسێك زاهیدو عابیدو عاریف بێت.

بەڵام بەو کەسە دەوترێت سۆفی، کە لە ڕێڕەوی سۆفییزمدا تێبکۆشێت، تا لە ڕێگەی هەستی دەروونەوە بگات بە پلەی خواپەرستیی ڕاستەقینە، ئەو هەستەش بە زەوق واتا چەشتن لەڕێگەی دەروونەوە دەبێت، نەوەك بە زمان، یان بە بینین "موشاهەدە" واتا بە چاوپێکەوتن دەبێت، نەوەك (بە چاوی سەر)، بەڵکو (بە چاوی دەروون)، ئەوەی کە پێی دەگوترێت (بەصیرەت)

ئەو دیتن و چەشتنانەش چەندین جۆری هەیە، کە ئەبێتە هۆی دڵنیا بوون، تا ڕادەی گەیشتن بە پلەی یەقینی گومان لێنەکراو، بە جۆرێك کە ئیتر باوەڕی مرۆڤ بە خوایەتیی خوا ئەگەر نەگاتە پلەی (حق الیقین)، بێگومان دەگاتە پلەی (عین الیقین) و دەروونیش لە گومان دەکەوێت.

ئەو ڕێڕەوەی کە مرۆڤ پاش دڵنیایی تەواوو گومان لێنەکراو، واتا (عین الیقین- موشاهەدە)، یان (حق الیقین– چەشتنی زەوق) و بەهرەدار بوون لە تابشی نوری خوداوەندی دەیگرێتەبەر، دەیگەیەنێتە پلەی سۆفینزم.

## بەشی دووەم

## خوێندنەوەیەك بۆ ئامادەیی عەشق لەلای مەولەوی

عەشق لەلای سۆفی بەرجەستەبوونی خەونە، کە دەگاتە هەمبەر دەربڕینی عەشقێکی مەجازی بۆ گەیشتن بە عەشقێکی حەقیقی، کە ئەویش زاتی پەروەردگارە، یوسفی پەیامبەر بۆچی ئەوەندە جوان بوو، چونکە تەجەللای نەخشی خوایی تێدا بوو، عەشقی زوڵەیخاش، بە کۆتابوونی پێوەستبوون بە یوزارسیف و گەڕانەوە بۆ ئەسڵی دروستکەرو ئافەریدەنیی زاتی باڵا تەواو بوو، عەشق کەرنەڤاڵی موناجاتە، بەرامبەر بە جوانیی ئافرەتێك، کە هەموو دەزانین بە چی کۆتایی دێت؟ بەو (مودە)یەی کە لە فەرهەنگی زماندا ( دوا ترۆپکی خۆشەویستی و عەشقبازییە).

عاشقی ئاسایی، بە هەموو بوون و پەرۆشییەوە کچێکی خۆشدەوێت، کە مەعشوقەکەی دەبینێ، لە نزیکەوە بۆی دەگری، کە لێشی دوور بێت هەر بۆی دەگری، گریانی یەکەم جیاوازترە لە هی دووەم:

گریانی یەکەم: (بە یەکگەیشتنی ڕۆح) و (توانەوەی زات)ە.

گریانی دووەم: (پەرتبوونی ڕۆح) و (هیجران)ە.

ئيبن عەرەبی زووتر گوتویەتی: ((ئافرەت وێنەی دەروونەو پیاویش بەرجەستەی ڕۆح، چونکە دەروون بەشێکە لە ڕۆح، کەواتە ڕوح دامەزراوی یەکەم و حەقیقەتێکی بەردەوامە،دەروونیش وەڵامدانەوەی ڕۆحە))، لەو ڕوانگەیەوە هاوکێشەی (ڕۆح) و (دەروون) تەواوکەری یەکترن و لەنێو جوغزی عەشقدا ئاوێتە دەبن.

باشە ئەگەر ئەوە حاڵی عاشقی ئاسایی بێت، ئەرێ دەبێ حاڵی سۆفی چۆن بێت؟ سۆفییەك کە زاتی ئیلاهی بە چاوی پشتەوە ببینێ و ڕۆحی هەمیشە بەرزەفڕ بێ، دەبێ هەردەم مەست و سەرخۆشی عەشق بێت، سۆفییەك کە لەلای ئەو جوانیی خوای پەروەردگار لە زاتی مەعشوقێکدا تەجەللا بێت، دەبێت چۆن عەشقبازی بکات، مەولەوی ئەو تەجەللایەی لە ڕوخساری یاردا دەبینێتەوە، بۆنمونە کە وتوویەتی:

ڕەنگاوڕەنگ ڕەنگ ڕەنگ گوڵگوون هوونم

قرچەی برێشتەی کوورەی دەروونم

چون دانەی سەرساج هور ئامام جارجار

جە تاو دوکەڵ، جە شەرارەی نار(مودەریس، ١٩٦١: ٢١)

ئەو عەشقەی لە لای مەولەوی بوو، عەشقێکی مەجازی بوو بۆ گەیشتن بە حەقیقەتێك، کە ئەویش زاتی خوایە، وشە هەمبەرییەکانی (ڕەنگاوڕەنگ– گوڵگوون )، (قرچەی برێشتە– هورئامام)، (جەتاو دوکەڵ– جە شەرارەی نار)، ئەو عەشقە بەرجەستە دەکەن، کە وەسڵی عاشق و مەعشوقە، سوتانە لەنێو نوری خواییدا، ((نور لەلای سۆفییەکان، بنچینەی عیرفان و فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتە، خوا بە نور ناسراوە، ئەوش ڕاستییەکە، کە جگە لەخۆی گەردوونیش ڕووناك دەکاتەوە ))( سجادی،١٣٧٨: ٧٧٣).

زۆرجار دوالیزمی ژوان و جیابوونەوە، شاعیرانی سۆفی بەرەو دەربڕینی هەستێکی داهێنەرانە پەلکێش دەکەن، ئەوش سومبولی ئەو ئافرێدنە جوانییەیە، کە لەمیانەی عەشقێکی مەجازیی مەعشوقێکەوە، خۆشەویستیی بەندەکان بۆ پەروەردگار بەرجەستە دەکات.

لە ئەزمونی شاعیرە سۆفییەکاندا، ئافرەت وەکو سومبولی خۆشەویستی بوونی هەیە، ئەو بوونەش چێژێکی تایبەت بە شیعرەکە دەبەخشێت، چێژێکی ویژدانییانە، کە بووە بە نەریتێك و ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی پێ دەناسرێتەوە، بۆ نمونە ئەدەبی عەرەبی هەتا سەدەی دووەمی کۆچی، هیچ بایەخێکی بە شیعری سۆفیگەری نەدەدا، بەڵام لەو مێژووە بە دواوە، نەریتێکی تازە لە شیعری عەرەبیدا داهات، کە ئەگەر شاعیران خۆشیان سۆفی نەبوونایە، هەر دەبوو لە سەرجەم بەرهەمەکانیاندا، هیچ نەبێت دەقێك یان دوو دەقیان بنوسییایە.

بەڵام ئەوە لە شیعری کوردیدا نابینرێت، چونکە مێژووی ئەدەبی کوردی– بە تایبەتی پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، لە بنەڕەتدا بە هۆی کاریگەربوونی بە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی، مۆرکێکی سۆفییزمی ئیسلامییانەی وەرگرت، ئەوش سیمایەکی تایبەتیی شیعری کلاسیکیی کوردییە.

لەو ڕوانگەیەوە، مەولەوی هەمان ڕێچکەی سۆفیانی پێش خۆی گرتبووە بەر، بۆ نمونە لە شیعرێکدا لەسەر شێوازی لاساییکردنەوەی (غەزالی)، کە بەرەو یەکێتیی بوون و ئەفراندنی بوونەوەر دەچێت، گوتوویەتی:

بۆی سفتەکەم هۆر گێرو شەماڵ

وە فریادم ڕەس تو بەشقی پیرۆت

ساقی گیان قوربان خاگر کەرە شاد

سا بەڵکە ئیمرۆ ( معدومی )ی بەدبەخت(مودەریس، ١٩٦١: ٢٥ ).

لە ئەزمونی شیعری سۆفییزمیدا، ئەو پرسیارە دێتە کایەوە، ئایا ئامادەیی عەشق لە شیعری سۆفییزمیدا تەنیا بۆ خودی مەعشوقە، وەکو خۆشەویستێك، یان ئەو عەشقە دەبێت بە پردێك بۆ پەڕینەوە بۆ نێو دنیای خواپەرستیی ڕاستەقینەو

مەودایەکی تری دەربڕین لە هەستی ڕاستەقینەی خۆشەویستیی شاعیر بۆ مەعشوقەکەی؟ ئەو پرسیارانە دوو وەڵامی هەیە:

یەکەمیان: ئەوەیە کە لەلای سۆفی، عەشق ڕەمزێکە بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی خوایی و زاتێکی باڵا، ئەگەرنا مەحاڵە شاعیرانی وەکو مەحوی و جزیری و مەولەوی، لە تەمەنی شەست، یان حەفتاساڵیدا، دڵداری لەگەڵ ئافرەتێکی تەمەن پانزە یان بیست ساڵیدا بکەن، هەرچەندە شیعرەکانیشیان بۆنی ئەوەی لێدێت.

دووەمیان: شیعری سۆفیگەری موناجاتێکە، کە شێوازی پاڕانەوەو خۆ بە کەم زانین و بە خاکیبوونی (تواضع) تێدایە بەرامبەر بە زاتێکی باڵا، ئەوەش سیمایەکی تری شیعری خواناسی و سۆفیگەرییە.

لەمیانەی بەدواداچوونێکی ووردبینانە بە جیهانی عەشقدا، ئەوە دەردەکەوێت کە مەولەوی ویستوویەتی لەمیانەی عەشقێکی مەجازیدا، گوتارێکی ئایینی پێشکەش بکات، کە مەبەستی گەیشتنە بە عەشقی حەقیقی، کە توانەوەیە لەنێو زاتی پەروەردگاردا، کەچی لە ڕوویەکی ترەوە بنەمای گوتارە شیعرییەکانی مەولەوی– لەڕووی ناوەڕۆکەوە- دەگەڕێتەوە بۆ مەرجە پێڕەوکراوەکانی شیعری کلاسیکیی کوردی، کە پێشتر بە سەرەتای ئەدەبێکی ئایینی دەستنیشان کراوە، کە لەڕووی سیمای شیعرییەوە دەکرێت ئافرەت وەکو پاکیزەیەك تەماشا بکرێت نەوەك لەشولار، بەڵام مەولەوی لەنێوان ململانێیەکی فیزیکی و ڕۆحیی عەشقدا سەرسام بووە، هەر ئەو ململانێیەشە کە سیمایەکی ئیستاتیکی و پیرۆزیی بە شیعرەکانی بەخشیوە، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوە خۆی لە خۆیدا، ئەزموونێکی سۆفیگەرانەیە، بۆ نمونە کە گوتوویەتی:

ساقی سا دەخیل وە فریادم ڕەس

بەڕووی نازەوە جام گێرە وە دەس

دەور دە وە ناز چون هەر دە جاران

پێم دەر یەك مەنا ساباو ئێواران

با وەس بالینم سێلاوو هوون بۆ

ئامێتەی زوخاو دیگ دەروون بۆ(مودەڕیس، ١٩٦١: ٢٤).

لەم دەقەدا مەولەوی ئامادەیی مەعشوقی وەکو بەرجەستە کردنی خۆشەویستێکی خوایی هێناوە، کە لە فۆرمی فیزیکیدا، هەستێکی تەجەللایی و هێمایەکی ئیستاتیکییانە دەخاتەڕوو، بەو پێیە خۆشەویستی لەلای ئەو (سووتان و بە زوخاو بوونە) ە، ئەوەش هەوڵێکی ئایدیۆلۆژیی سۆفییانەیە، کە عەشق دەبێت لە زات و ڕۆحەوە تەوزیف بکرێت و هیچ مەرجێکی تەمەنی بۆ نەبێت، ئەوەش داواکراوێکە، کە ئەگەر کەسێك بیویستایە ببێت بە سۆفی، شێخی تەریقەتەکەی داوای لێدەکرد، کە بچێت عەشقبازی بکات، بەڵام عەشقێك کە لە خەیاڵی شاعیرەوە خەونە کچێك وەکو تارماییەکی خەیاڵاوی دروست دەبێت، تاکو دەگاتە ترۆپکی توانەوەی ڕۆحی و ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەو زاتەی کە جوانیی ئەو کچەی ئەفراندووە، لەو ڕوانگەیەوە گوتوویەتی:

**خۆ من هەر جە زوو وە مەیلت مەستم**

**هەر جان فیداکەی ڕۆکەی ئەلەستم** (مودەڕیس، ١٩٦١: ٣٢٢).

کاتێك مرۆڤ لە ڕەفتارەکانیدا ئامێتەی بەها ئیستاتیکییەکان یان ئایینییەکان دەبێت، هەر بەو شێوەیەش ملکەچی وەفاداری دەبێت و دەستبەرداری ئەرك و بەها جوانەکان نابێت. یان لە کردارێکی ئیستاتیکیدا، شێوازێك دەگرێتەبەر، کە نمونەی بەهادارییە. ئەو کاتە ئەو بەها ئایینییانە دەیخەنە نێو چوارچێوەی ڕەفتارێکەوە کە دەبێت ملکەچ و پابەندی بێت. بە واتای ئەوەی کە بەها ئایینییەکان ڕێ نیشاندەرێکن، کە شێوازو چۆنێتیی ڕەفتاری مرۆڤ دەستنیشان دەکەن. واتا ئەو بەهایانە دەبنە جۆرە فەرمانێك بۆ دیاریکردنی چۆنێتیی گوزەرانی تاکەکەسدا، لە هەمان کاتدا ئەو پێوەرانە دەبنە جۆرە داواکارییەك لە تاکەکەس کە پێویستە جێبەجێیان بکات. کەواتە پێوەرە ئایینیەکان ڕێ نیشاندەری کردەی تاکەکەسین. کاتێك پێوەرەکان داوا لە تاکەکەس دەکەن ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن و داواکاریی بێمەرجیان بەسەردا دەسەپێنن (( پاشان بەپێی

داواكارییەكـان كـردەوەو ڕەفتـاری مرۆڤـایەتی جێبەجـێ دەكەن. ئەو ڕەفتـارانە بە پەیـڕەوی كردنـی هەر ڕەفتـارێكی كۆمەڵایەتیی لەنێو كۆمەڵدا جێبەجێ دەكرێن)) ( اسماعیل،د.ت:٣٢١).

شـاعیر بـوونەوەرێكە لەگەڵ دەقەكەیـدا بەنـدە بە ژیـانەوە، بەڵام مەرج نیـیە ئەو بەرهەمەی پێشكەشـی دەكـات ڕەنگدانەوەی واقیـع بێت، چونكە یـان لایەنگریـی هەڵوێستێك دەكـات، یـان دژی ڕادەوەستێت، چونكە ((دەقنـووس بە وشیاری بێت یان بە بێ مەبەست هەڵوێستێك وەردەگرێت. چونكە لە سەرەتادا تـەنیا خۆی دەبینێ. بەڵام كاتێك بەرهەمێك دەنووسێتەوە، كاریگەری لەسەر خەڵكانی تر دەخاتە پێش چاوی خۆی. ئینجا بۆچوونێك سەبارەت بەو كەسانە دەگرێتەبەر كە بەرهەمەكەیان پێشكەشدەكات. لەلایەكی ترەوە چاوەڕوانی ئەو دەستكەوتانە دەكات، كە بۆ بەجێگەیاندنی مەبەستەكەی دەستی دەكەوێت) ( اسماعیل،د.ت:٣٢١).

شیعر گوتـارێكە و بنەماكەی زمـانەو بەرهەمێكە دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەران. ئەوش خۆی لەخۆیدا كێشـەیەكی ڕەخنەیی دروست دەكات. هەروەكو (ڕۆلان پـارت) دەڵێت: ((لە دەقدا خوێنەر بە تـەنیا قسە دەكـات)) (ایسوب،١٩٨٥: ١٠٠))، ئەركی شاعیریش گوزارشتكردنە لە خواستەكانی، وێڕای ئەوەی، مێژووی شیعر ئەوە دوویـات دەكـاتەوە كە لە سـەرەتای سـەرهەڵدانییەوە مـۆركی ویژدانیـی پێوەدیـارە، كە دەڵێـین بە شـاعیر بـوون، مەبەسـتمان مانـاو چەمـكە گشتییەكەیەتی. چونكە شیعر بە تەنیـا بـایەخ بە كێشە گشتییەكان نـادات. بەڵكو لەو سنووورە زیـاتر دەردەچێت و هەمـوو ڕەگەزە گشتییەكانی وەكو: سۆز، ویژدان، پیرۆزیی ڕۆح، تەجەللاو دەركەوتنی پەروەردگارو ئافەریدەنی لەخۆ دەگرێت.

لە ڕوانـگەی ڕەفتـاری سۆفییەوە، عەشـق و خۆنەویستـی كـار لە ڕێڕەوی كەسـەكە دەكەن، ئەو حاڵەتـانەش دەبنە هانـدەرێك بـۆ سـەپاندنی خۆشـگوزەرانیی هەسـتپێكراو، یـان (شـەهوانی(Sensual–Gratification، تەنـانەت لە بەرجەسـتەكردنی خۆشـیی ڕۆحیشـدا، ئەوەی كە ئەرسـتۆ گوتـوویەتی ((خۆشـگوزەرانی ئەنجـامی كـردەی ڕامـانە))( ریتشاردز،د.ت: ٣٢٢).

## بەشی سێیەم

## شیعرییەت و ئاراستەكانی گوتاری شیعری

لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبیی كلاسیكییەوە هەتا ڕۆژگاری ئێستا، بەمەبەستی دەستنیشان كردنـی ئەدگاری تایبەتی شیعرو جیاكردنەوەی لەژانرە ئەدەبییەكان تر، زاراوەی "شیعرییەت وەكو چەمكێكی ئەدەبی،لەلایەن ڕەخنەگرانەوە گرنگیەكی زۆری پێدراوە."

شیعرییەت بـۆ سـەردەمی نووسینەكانی (ئەرستۆ)دەگەڕێتەوە،كە لـەو میانەیـەوە هـەوڵی داوە چەند چـەمكێكی بناغەیی بۆ شیعر دابنێت بەپێی بۆ چوونەكانی ئەرستۆ، هەر گوتارێكی شیعری دەبێت ئاوێتەی خەیاڵ بێت بـەوەش ئاماژە بەڕۆڵی خەیاڵ دەكات لەخواستنی ئەو دەستەواژانەی كە شیعرییەت بـەدەق دەبەخشێت، لەسـەر ئـەو بنەمایـەوە شیعرییەت لەهەموو دەقێك بەدی ناكرێت، باكێش و سەرواداریش بێت، بۆیە گوتوویەتی:

(زۆر لـەو ئاخاوتنانـەیی پێیـان دەڵێن شیعر،هیچ شیعرییەتێكیان تێدا نیە،تـەنیا لەكێشـەكانیاندا نـەبێت، بـۆ نموونـە ئاخاوتنە كێشدارەكانی "سوكرات"و گووتەكانی "ئەنبادكلیس" سەبارەت بەسروشت شیعرییەتیان تێدا نییە،بەپێچەوانـەی شیعرەكانی "ئۆمیرش"، كە شیعرییەتیان تێدایە) ( جاسم،٢٠٠٥: ٢٥).

هەندێك لە ڕەخنەگران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کەشێوازی بەرجەستەکردنی زمان لەڕووی ڕەوانبێژیەوە دەقی شیعری لەدەقی پەخشان جیادەکاتەوە لەمیانەی بەکارهێنانی بابەتەکانی(خواستن و لێکچواندن و درکە و ڕەگەز دۆزی و.....تاد).

بەشێوازێکی گشتی، مەبەست لەشیعرییەتی هەردەقێکی ئەدەبی ناساندنی ئەو پێرەوە زانستی و هونەرییانەیە، کە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی ئاراستە دەکەن، بەمانایەکی تر شیعرییەت (ئەو یاسایەیە کە چوارچێوەیەك بۆ گوتاری ئەدەبی دادەنێت، بەو مانایەیی کە هەوڵ دەدات تیۆرێکی گشتی بۆ ئەدەب دابنێت، بەوەی کە ئەدەب هونەرێکی لەفزییە و بەئاراستەیەکی ئەدەبی، یاساکانی گوتاری زمانەوانی دادەڕێژێتەوە)( ناظم،١٩٩٤: ٩).

بەمەبەستی ناساندی شیعرییەت، ڕەخنەگران چەندین چەمکی نوێیان داهێناوە بەڵام هەتا کۆتایی سەدەیی بیستەم میتۆدێکی ڕوون سەبارەت بەشیعرییەت نەبوو، هەتا فۆرماڵیستە ڕووسەکان وەکو (باختین،و تۆدۆرۆف و یاکۆبسن) هەوڵیان داوە وەك دیاردەیەکی ئەدەبی مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکەن، لەمیانەی ئەو نوسینانەوە (لەچوارچێوەی پۆلێن کردنی بابەتدا دەق بە بەرهەمێکی ئەدەبیی تاك لایەنی ناژمێرێت، بەڵکو وەك پرۆسەیەك لەسەرجەم لایەنەکانی تری پێکهاتەی دەق ڕێك دەخرێت)(کوهین،١٩٩٥: ٩)، بۆیە ڕەخنەگران هەوڵی ئەوە دەدەن کەلەمیانەی چەند پێوەرێکی تیۆرییەوە شیعرییەتی دەق بخنەڕوو تاکو بتوانن دەقی شیعری لەناشیعری جیابکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش (زمان)یان بەبنەمایەکی سەرەکیی شیعرییەت دانا،ڕەخنەگرە فۆرمالیستەکان دەست پێشخەر بوون لە بۆ چوونەکانیاندا سەبارەت بەشیعرییەتی دەق، تۆدۆرۆف لەو بارەیەوە ووتویەتی (لەسەدەی بیستەمدا،فۆرمالیستەکان زیاتر لە نوسەرانی سەدەی شانزەهەم نزیکتر بوون لەگیانی کتێبی (شیعرییەت)ەوە، چونکە ئەوان کارەکانی ئەرستۆیان تەواوکرد، بەوەش ئامێتەیەکی سەرکەوتوویان لەسەرجەم ئاراستەکانی (تیۆری ئەدەبی)ی ئەو کاتە پێکهێناوە تیۆرێکی نوێشیان داهێنا)( تودوروف، ١٩٩٠: ١٤).

لەلایەکی ترەوە دەشێت (ئەرکی شیعر) لەمیانەی کاریگەری لەدەقی ئەدەبیدا دەستنیشان بکرێت، هەرچەندە ئەرکی شیعری وەکو بابەتێکی ئەبستراکتی ڕۆڵی خۆی دەبینێت، بەڵام سەرباری ئەوەش پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری پێکهاتەی دەقی شیعریدا هەیە، لەبەر ئەوە سیمایەکی تەکنیکی و ئیستاتیکی بەدەق دەبەستێت، بەڵام یاکۆبسن لە دۆخە ئاساییەکانی دەقدا، جیاوازی لەنێوان (شیعرییەت)و (شاعیرییەت)دەکات،بەو بنەمایەی کەشاعیرییەت بریتییە لەجێبەجێ کردنی (ئەرکی شیعر)،(چونکە چەمکی شیعر ناجێگیرە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژگاردا دەگۆڕێت، بەڵام ئەرکی شیعر واتە شاعیرییەت– وەکو فۆرمالیستەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە- ڕەگەزێکی تاکە و ناکرێت بەشێوەیەکی میکانیکی لەنێو ڕەگەزەکانی تردا جەم بکرێت، بەڵکو دەبێت لێیان جیا بکرێتەوە و بێلایەنییەکەی بخرێتەڕوو) ( جاکوبسن، ١٩٨٨: ١٨).

(یاکۆبسن)شاعیرییەت بەزانستی ئەدەب دەبەستێتەوە، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمان سەرجەم بنیاتی زمانەوانی پێك دەهێنێت بەوەی کە ئەرکی شیعر بەندە بە سیمۆلۆژیاوە، بەبۆ چوونی یاکۆبسن، شیعرییەت بەشێکە لەزمانەوانی، واتە لەدەستنیشان کردنی ئەرکی شیعردا، دەبێت بایەخ بەسەرجەم ئەرکەکانی زمان بدرێت بەڵام ناشێت شاعیرییەت لەچوارچێوەی ڕووخساری دەرەوەی شیعردا دەستنیشان بکرێت، بەڵکو دەبێت بایەخ بە ناوەرۆکی ناوەوەو شاراوەی هێماکانی زمانی دەق بدرێت، زمانی شیعری لەلای یاکۆبسن لەزمانی ئاسایی یەك واتایی جیاوازترە، چونکە زمانی شیعری ئەرکێکی تر دەگێڕێت، ولە سنوری زمانی ئاسایی دەردەچێت، بەو مانایەیی کە زمانی شیعری مانا و ڕاڤەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێت، کە لەمیانەی پەیامێکەوە مەبەستێك بەخوێنەر دەگەیەنێت، جیاوازییەکەش لەم دایەگرامەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

- **زمانی ئاسایی ← (ئاخاوتن)← (پەیام ) گەیاندنی مەبەستێك**

- **زمانی شیعری← (ئەرکی شیعری )← (پەیام )شیعرییەت (مانای جۆراو جۆر).**

لەوەدا دەردەکەوێت کە دەبێت لە ئەرکی شیعری دا، گرنگی بە (مەبەست و مانای جۆراوجۆر)بدرێت، کەواتە دەبێت دەقنوس چەند پێوەندییەکی زمانەوانیی نوێ لە چوارچێوەی (زمانی شیعری)دا دروست بکات، لەو ڕوانگەیەوە یاکۆبسن ئاماژەی بە (تۆلستۆی)کردووە گوتوویەتی: (تۆڵستۆی زۆر بەتووندی بۆ ماوە ئەدەبییەکانی ڕەت کردۆتەوە، بەڵام ڕێگەی لەوە نەگرت کەبێت بەشاعیر، جگە لەوەی چەند فۆڕمێکی ئەدەبیی نوێی داهێنا)( جاکوبسن،١٩٨٨: ٨).

**شیعرییەتی دەقی سۆفییزمی لەلای مەولەوی:**

بەدرێژایی مێژوو ئاینی ئیسلام، سۆفییزم وەك شۆڕشێکی فیکری و ئاینی سەری هەڵدا، بەو مانابییەی کە لەبواری ئاینیدا، ئایدیایەکی تازەی هێنایە کایەوە چونکە بیرێکی ئامێتەی سەبارەت بەفەلسەفەی ئایین وشیعر بەرجەستە دەکرد لەمیانەی گرێدانی چەمکی ئیستاتیکا بەپرۆسەی ئافەریدەنیی گەردوون و پێکهاتەکانیییەوە.

سۆفییزم لەچوارچێوەی زمانی دەقدا بەتەنیا ئەزمونێکی خواناسی و تێروانینێکی رۆحی بوو بۆ بابەتەکانی وجود و گەردوون و گەیشتن بەزاتی ئیلاهی، بەڵکو تێڕاونێنێکی پاراوترو بزاڤێکی داهێنانە بوو لەچوارچێوەی شیعردا کە چەندین زاراوە و بابەتی تری هێنایە ناو بابەتە شیعرییە کلاسیکیەکانەوە، کەلەزاراوەو دەستەواژە شیعرییە تەقلیدییەکان جیاوازتر بوون، بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی هەرقەسیدەیەکی سۆفییزمی، دەبێت خوێنەر پەنا بباتە بەر فەرهەنگی زاراوە و ڕەمزە سۆفییەکان، چونکە زمانی سۆفییزم زمانێکی هەمەلایەنە و پڕە لە دەستەواژەی دیار و شاراوە ئەو ماناو گوزارشتەو هەمالایەنانەی کە لەشیعری سۆفییزمدا دەبینرێن، سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (سۆفییزم چەند حاڵەتێکی ویژدانیی تایبەتە، کە ناتوانرێت بە زمانێکی ئاسایی گوزارشتی لێ بکرێت، هەروەها بابەتێکی هاوبەش نییە لەنێو خەڵکیدا، چونکە هەر سۆفییەك شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە گوزارشتکردن لەحاڵەتەکەی، هەر ئەوشە والەزمانی سۆفینیزم دەکات کە لەهونەرەوە نزیك بێت، بەتایبەتی کە سۆفییەکانی حاڵەتەکانیان، هەوڵ بۆ دۆزینەوەی زات ئەدەن)( التفتازاني' ١٩٧٩: ٨).

لەمیانەی ڕەفتارکردن لەگەڵ دەقی سۆفییزمدا، دەگەینە ئەو ئەنجامی کە زمانی ئەو دەقانەی بۆ مەبەستە ئاینییەکان دەنوسرێنەوە، زمانی مەجاز و هێمایەو ملکەچی ڕێسا زاتییەکانی سۆفییزمییە و لەچوارچێوەی مەبەستە باوەکانی شیعر دەردەچێت، کەواتە ماناو مەبەستی شیعری ئاسایی نابەخشێت، بەڵکو گوتارێکی نوێیە، کە لەمیانەی داماڵینی وشە لە مانا ڕاستەقینەکەی، مەبەستێکی تر بەمانا ئەسڵییەکەی وشەو دەبەخشێت، بۆ نموونە عەشق لەلای شاعیرە سۆفییزمەکان، عەشقێکی مەجازییە بۆ گەیشتن بەعەشقی ڕاستەقینە، کە ئەویش عەشقی خواییەو وبۆیە مامەڵە کردنی شاعیری سۆفییزم لەگەڵ ماناو پێکهاتەی دەقدا، مامەڵەیەکی ڕۆحییەو هەر ئەوەشە کە شیعرییەت بەدەق دەبەخشێت.

زمان لەلای مەولەوی لەڕووی زاراوەوە پێی دەگوترێت "زمانی سۆفیانە"بریتیە لەکۆمەڵێك کۆد لەچوارچێوەی دۆخەکانی حاڵ و مەقام و زاتی خواوەندی و گەردوون گوزارشتی لێ کردووە، دەرئەنجامی ئەقڵیەتێکی بیرمەندیی سۆفییانەیە، بۆیە زمان شیعرییەکەی مانایەکی تر دەبەخشێت.

هەندێك لەڕەخنەگران پێیان وایە پابەند بوون بەکێش لەئاستەنگەکانی هێمای شیعری کەم دەکاتەوە، بەو مانایەیی کە شاعیر ناتوانێت مەبەستی تەواوەتی ئایدیاکەی بگەیەنێت، بەڵام ئەرکی شیعر تەنیا گواستنەوەی بیرنیە، بەڵکو گەیاندنی مەبەستە ڕۆحییەکانە لەو ڕوانگەیەوە شیعریەت برتییە لەدەسەڵاتی شاعیر لەبەرجەستەکردنی ئەزموونەکەی لەچوارچێوەی پێکهاتەیەکی ئیستاتیکیی کاریگەردا، ئەو دەسەڵاتە شیعریەش زۆر بەڕوونی لەفەلسەفەیی شیعریی مەولەویدا دەبینرێت:

من ڕۆی مامەڵەی گردین خاص و کەس

جەو ڕاسە بازاڕ شارەکەی (ئەلەس)

جەسەر دووکانچەی شای سەر تو جاران

هور گرتم کاڵای بەڵای نازداران(هەورامی، ٢٠١٣: ٣٠٥-٣٠٦).

لەم نموونەیەدا مەولەوی لەمیانەی یەکەیەکی ئۆرگانی ئامێتەی لەنێوان (کێش)و (سەروا)دا لادانێکی زمانیی بەرجەستە کردووە، کەتیایدا بیاڤێکی وروژاندنی هەستیی دروست کردووە، بەڵام ئەو جۆرە وروژاندنە لەقەسیدەیەکی ئاساییدا نابینرێت، کەکێشی تیانەبێت، چونکە (بوونی کێش لەشیعردا، کاریگەری دەروونی بەسەر خوێنەرەوە نامێنێت)(الالوسی" ١٩٩٢: ١٦)، کێش بەشێکی گرنگی ڕیتمە و ئەرك زمانی شیعر بەرجەستە دەکات، ئەگەر کێش وەك ڕەگەزێکی سیمانتیکیی دەق تەماشا بکرێت، دەبێت مانایی قوڵی پێکهاتە سیمانتیکییەکە بگەیەنێت، وەکو مەولەوی دەڵێت:

وەلوەلەی لوولەی پێشەی ئازاری چاك

یاوا وەسەرین نۆپەردەی ئەفلاك(مودەریس، ١٩٦١: ٣١٢)

لەپێکهاتەکانی(وەلوەلەی، لوولەی)دا دەردەکەوێت، کە هەر دەستەواژەیەك لەوانە لەمیانەی دوو سەروای جیاوزدا کە لەڕووی شیعرییەتێکی زمانەوانی لەمیانەی یەککردنی کێش و سەرواکاندا بەرچاو دەکەوێت.

لەشیعری عەرەبی و شیعری کلاسیکی کوردی عەرووزیدا، مۆسیقای دەرەوەی شیعر لەڕیتم و (تەفعیلە) وکێش و سەرواکانەوەیە. لەشیعری هەورامیدا کە بەپەنجە کێش دەکرێت، ڕیتمەکەیان لەبڕگەو سەرواکەیانەوە ڕیتمەکان دەبنە مۆسیقای دەرەوە هەستی گوێ دەلەرێتەوە، دەنگەکانیان لە کێشدا لەدەنگی ژاندنی لانکی منداڵ دەچێت. دەبێت ئەوە بزانین چۆن ڕوخسارو ناوەرۆك هەرگیز جیانابنەوە ئاوهاش مۆسیقا دەرەوە و ناوەوە ئەستەمەلە یەك جیابکرێنەوە.

لەلایەکی ترەوە لەشیعری سۆفییزمیدا پەیوەستە بەلایەنە ئیستاتیکییەکانی دەق و ڕەها بوونە لەکۆتایی ئەقڵانیەت تاقە پێوەرێکیش بۆ درك کردن بە شیعرییەتی دەقی سۆفییزمی پەردە لادانە لەڕووە شاراوەکانی مەعریفەی هەستە ڕۆحیەکان و ناساندنی گەردوون و مرۆڤ و پەروەردگار، لەو پرۆسەیەشدا شاعیری سۆفی لەڕێرەوە ئاساییەکەی زمان و بەرجەستەکردنی مانا لا دەدات مانایەکی تر لەمەبەستێکی زمانیی جیاوازتر لەزۆربەی دەقە شیعرییەکانیدا، مەبەستە ڕاستەقینەکانی ئایدیایی سۆفینیزمی لەبازنەی شیعرییەتدا بەرجستە کردووە، بۆ نموونە لەوێنا کردنی ڕووکاری دنیا و کاڵفامیی ئەقڵی مرۆڤدا گوتوویەتی:

دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە

جامێ وە دەس نێین، دەس وە سەرەوە (مەلا صاڵح،٢٠١٨: ٢٤)

شیعرییەتی دەق لای مەولەوی لەمیانەی بەرجەستەکردنی زمانەوە لە دوو ڕووە بەرجەستە بووە:

یەکەمیان: تەوزیف کردنی زمان، وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی شیعری.

دووەمیان: بەرجەستەکردنی زمان لەچوارچێوەی مەبەستی سۆفیگەریدا.

لەحاڵەتی یەکەمدا زمان ئامرازی گەیاندنی مەبەستە، واتا پەیامێکە لەدەقنووسەوە (شاعیر) بۆ پەیام وەرگر (خوێنەر).

لەحاڵەتی دووەمدا، زمانە شیعرییەکە کۆمەڵە کۆدێکە بۆ گوزارشتکردن لەهەستێکی دەروونی کە ئەزمونی شاعیری تێدا ڕەنگ دەداتەوە.

مەولەوی دەڵێت:"

سفیدیت قەڵغان پەی ڕووی سیات بۆ

کەمانیت شەفیع تیر دیات بو" (هەورامی"،٢٠١٣: ١٢٤)

لێرەدا مەولەوی دڵی خۆی دەداتەوە، تکاکارە لە ڕۆژی ئایندەدا لە حزوری خودادا شەرمەزارنەبێت، بەوەی مەولەوی پیر بووە، ڕیشی سپی بووە، پشتی چەماوە، بۆیە لە حاڵەتی زمانە شیعرییەکەیدا لەنێوان وشەی (سفیدە) بەمانا چەرمولەنێوان وشەی (سیا)دا بەمانا ڕەش، هونەری دژیەك بەکارهاتوون، ئەمەش بەرجەستەکردنی زمانە لە چوارچێوەی سۆفیگەریدا.

مەولەوی لەزۆربەی شیعرەکانیدا، شیعریەتی لەمیانەی لادانێکی زمانەوانیدا بەرجستە کردووە، بەو مانایەی کە زمانی شیعر داهێنەرانەیە و ملکەچی ڕێسایەکی تایبەتە، جان کۆهین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە (زمانی پەخشان زمانێکی هێمایی ئەقڵییە، کەچی زمانی شیعر، زمانی هێما دەروونییەکانە)(کوهین،١٩٨٦: ٢٣٠).

مەولەوی خاوەن شێوازێکی شیعری بەرزە، لادانیش جەوهەری ڕاستەقینەی زمانی شیعرییە، لای مەولەوی لەوگۆشەنیگایەوە دەربارەی چەمکی لادان کاریگەری پلەیەکی لەهێنانە کایەی زمانی شیعریدا هەیە. وەك دەڵێت:

یاد زوڵف لوول شیرین نیگاران

خەیاڵ ئەبرۆی نازك نازاران

ئەوبێ یەن وەچین صەفحەی پێشانیم

ئید خەم چەمەکەی باڵای کەمانیم(مودەریس، ١٩٦١: ٥٣٥- ٥٣٧).

ئەم چواندنانە نائاسایین، لە فەرهەنگی شیعری کلاسیکیدا زوڵف چوێنراوە بە مار، و زینار،...

ئەبرۆش بە هیلال، کەوان،(قوس)،...تاد. بەڵام مەولەوی هەر بەشێوازی شیعری خۆی ئاسای بەناکردنی شتەکان هاتووە، زوڵف لوول شیرین نگارانی چواندووە، بە چرچ و لۆچی، تەختی تەوێڵی خۆی ئەبرۆشیان بەباڵای کەمانی خۆی، هەروەها بە گونجاوی و هاوئاهەنگی دوو دوو بەرانبەریەکی داناوون، ئەمە لەلایەکی ترەوە دەچێتەوە سەر هونەری ڕەوانبێژی، بەڵام ئەمەشی هەردووبارکردنەوە نیە، بەشێوە باوەکە، بەڵکو بە جۆرێکی ترە.

زمانی شیعری لای مەولەوی شیعریەتێکی تایبەتی هەیە، ئەویش بۆدۆزینەوەی زات لە میانەی پێکهاتەی زمانی و لەچوارچێوەیەکی ئیستاتیکیدا.

دیوانەکەی مەولەوی گەلێك زاراوەی سۆفیانەی تێدایە وەکو(ساقی) لە شیعری مەولەویدا بەچەند جۆرێك بەکارهاتووە، مودەریس پێیوایە: "مەبەست فریشتەی گیان کێشان، یان هێزی خواییە" (مودەریس،١٩٦١: ٥٢).

ئەم لێکدانەوەیە پراوپری شیعرەکانی مەلەوییە، بەوردبوونەوە لەو بەیتە شیعرانە کە مەولەوی زاراوەی(ساقی) تیایاندا بەکارهێناوە، مەبەستی لە ساقی پەنابردنە بەر یەزدان واتە مەبەستی لەساقی خودایە لەنێو خەڵکدا باوە، کەسانی ئایندار لەکاتی لێقەوماندا پەنادەبەنە بەر خوداو هاواری بۆ دەبەن، دەخوازن فریایان بکەوێت، یان فریشتەی مەرگ بنێرێت، بیان باتەوە، لەو ئێشو ئازارەی دنیا ڕزگاریان بکات، دەشێت ئەو زاراوانە بۆ ڕەواندنەوەی خەم و دامەرکاندن و کپکردنی سۆی برینە دەروونییەکان بووە، هەندێکجاریش بۆ جوانکاری و نەخشاندنی دیوی دەرەوەی شیعرەکانیان وپێدانەی جۆرە نهێنیەك بەماناو ناوەڕۆك بووە.

مەولەوی دەڵێت:

دەخیلم ساقی گەردەن سێمی قاڵ

بزانە خەم کە ردەنم یا ماڵ(مودەریس، ١٩٦١: ١٤٩).

بەکارهێنانی ساقی تەنیا بۆ خەیاڵفراوانی و نەخشاندنی ئەو وێنە شیعرییەیە کە وشەی ساقی تیا بەکارهاتووە.

بۆنموونە؛

ساقی گەرد کۆچ یاران دیارەن

هاوماڵان پەرێم نە ئینتیزارەن

من خۆ تەنیا ماڵ وامەندەی دڵتەنگ

بێکەس، بارسەنگی، پای بارە بەر لەنگ(مودەریس، ١٩٦١: ٢٢٥-٢٢٦).

بۆیە مەولەوی لەوساتانەدا کە تووشی ئاڵۆزی بیردەبێت و لە خەڵوەت ویادی یەزدان هەمیشە بەدڵهاتندا، ئەو ڕوونی و سەفایەی نابێت، پەنا بۆ ساقی دەباو زۆرجار بۆتەواوکردنی ئەم بەزم و کۆرەموتریب و نەیچی و...تاد کۆدەکاتەوە و دەڵێت:

مەینەت سەربەرزەن، شادیم زگارەن

ساقی! جامەکەت ئەمجار وەکارەن (مودەریس، ١٩٦١: ١٠).

ئەم چەمکە سۆفیانە لە شیعری مەولەویدا ڕەنگیان داوەتەوە بێ سنوری لەدەروونی خۆیدا پەروەردە دەکات و هەمیشە ئەندێشەیەکی ڕەنگینی بۆ خۆی سازداوە و سۆزی خۆی دەربڕیوە.

## ئەنجام

١- شیعرییەت بابەتێکی گرنگە لە بابەتەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێدا، کە بە مەبەستی جیاکردنەوەی دەقی شیعری لە دەقی پەخشانئامێز.

٢- مەولەوی یەکێکە لەو شاعیرە سۆفینیزمییانەی، کە دیدێکی فەلسەفی و ئیستاتیکییان لە شیعری زاری هەورامیدا بەرجەستە کردووە، شیعرنووسین، لەمیانەی گەڕان بەدوای دۆزینەوەو پشکنینی زات و گەردوون.

٣- ئەم هەوڵە پراکتیکیانە لەبەهای ئیستاتیکییەکانی شیعری مەولەوی ئەو ڕاستی و ئەو ئەنجامەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مەولەوی پایەکی بەرزی ڕێبازی سۆفیگەرییە لە هونەری دەربڕین وئەفراندندا.

٤- دەقە شیعرییەکانی مەولەوی زیندوێتی زمان و چۆنێتی دەربڕینی مەولەوی دەردەخات.

٥- زمانی دەق لای مەولەوی پێوەندیەکی زیندووی واتا بەخش لەنێوان وشەو چەمکە جیاوازەکانی نێودەق دەربڕی واتا و چەمکی قوڵەکانی جیهانبینی ئەم شاعیرەن.

٦- شیعرییەتی دەق لەلای مەولەوی لەمیانەی بەرجەستەکردنی زمانەوە دەردەکەوێت، کە لە زۆربەی شیعرەکانیدا لادانێکی زمانی دەبینرێت، مەبەستی جۆراوجۆر کردنی مانا .

٧- مەولەوی لەمیانەی شیعرەکانییەوە، بۆچوونێکی ئەلتەرناتیڤی و هاوتەریبی بۆ هێزی سۆفییانە بەرجستە کردووە، کەتێیدا زمان بەڵایە و بیریش کۆنترۆڵ کراوە، هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئەزموونی سۆفییانەی خۆی ئامێتەی شاعیرییەت کردوە.

**سەرچاوەكان:**

یەكەم: بە زمانی كوردی:


١. بنەماكانی ڕەخنەی ئەدەبی، لاسل أبر كرومبی، و:محمد صابر محمود، مكتب ئاوچی للطباعة، كركوك ٢٠٠٢.
٢- مەولەوی ( دیوان )، مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، چاپخانەی ئەلنەجاح، بەغدا، ١٩٦١.


دووەم: بە زمانی فارسی:


١. د. سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، چاپ چهارم، چاپ افست گلشن، تهران، ١٣٧٨.


سێیەم: بە زمانی عەرەبی:


١. د.أبو الوفا الغنيمي التفتازاني،مدخل الى التصوف الاسلامي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٧٩.
٢. انتونى ايسوب، الخطاب الشعري بوصفه ايديولوجيا، مجله فصول، العدد (٣)، مايو، ١٩٨٥.
٣. تزفيتان تودوروف، الشعرية، ت:شكرى المبخوت ورجاء سلامة، ط(٣)، توبقال للنشر، المغرب-الدار البيضاء،١٩٩٠.
٤. د.ثابت الألوسي، في الشعرية العربية، مجلة الأقلام، العدد(٣-٤)،آذار –نيسان،١٩٩٢
٥. جان كوهين، بنية اللغة الشعرية، ت:محمد الولى و محمد العمري، الطبعة الاولى، دار توبقال، الدار البيضاء، ١٩٨٦.
٦. جان كوهين، اللغة العيا- النظرية الشعرية- ت، د.أحمد درويش، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ١٩٩٥.
٧. حسن ناظم، مفاهيم الشعرية، دراسة مقارنة في الأصول والمنهج والمفاهيم، بيروت، المركز الثقافي العربي،١٩٩٤.
٨. رومان جاكوبسن، قضايا الشعرية ت:محمد المولى ومبارك حنون، سلسلة المعرفة الادبية، المغرب –الدار البيضاء،١٩٨٨.
٩. د.سحر جاسم، شعرية النص الصوفي المكية لمحي الدين العربي، الهينة المصرية للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٥.
١٠. سيد قطب، النقد الادبى:اصوله ومناهجه، الطبعة الثانية دار الفكر العربى المعاصر، القاهره، ١٩٦٣.
١١. عبد الله احمد العويشق، الادب فى خدمه الحياة والعقيدة، الطبعة الاولى، القاهره، ١٩٧٦
١٢. د.قبارى محمد اسماعيل، قضايا علم الاجتماع المعاصر، منشأة المعرفة، الاسكندرية، د.ت.
١٣. د.محمود ذهنى، تذوق الادب، مكتبُ الانجلو المصريه، (د. ت)
١٤. نجيب فايق اندراوس، المدخل في النقد الادبى، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٤.
١٥. د.نصر حامد ابو زيد، النص– السلطة– الحقيقة، الطبعة الاولى، المركز اليقافى العربي، دار البيضاء ١٩٩٥ .

Abstract

Sufism is considered one of the schools of thought worth studying to reveal the laws and aesthetics of literary discourse, which enables the decoding of many literary texts and the deduction of the elements of their discourse.

There is no doubt that Sufism has pioneers and media figures. The Kurdish Sufi poet Mawlawi is the most prominent of them, as he was distinguished by the depth of his philosophical conceptions and the beauty of his poetic texts. Mawlawi is considered a private school in the literature of Sufism in the Kurdish heritage. In his poems, the linguistic style reflects his social reality as well as the depth of view of religion and existence.

Mawlawi dealt with language as a unit composed of the self-consciousness and the content, where the self- consciousness for him is the supremacy of man and his compliance with the commands of God and His Messenger, and the content is the rhetorical structure of the language in terms of dealing with the vocabulary and utilization of literary and intellectual discourse, directing the recipient to inspire the principles on which Sufism is built.

For Mawlawi , the text is an integrated aesthetic unit with literary and philosophical contexts that searches for the idea of the origin of the universe, existence; as well as the beauty of what the Almighty God created, through texts that are dazzling in their beauty of their molding and systems